# کەمپین بۆ بەرگری لە ئازادی وپژدان و ئازادی رۆژنامەنوسی لە کوردستان

- بەرێز پەرلەمانی کوردستان!
- بەرێز حوکمەتی هەرێمی کورستان!

خوشك و برایانی بەرێز!
ساڵێك ئەبێ رۆژنامە گرنگەکانی دنیا، لەبارەی لەرزۆك بونی ئازادی ویژدان و ئازادی رۆژنامەنوسی لە کوردستان، ترس دەرئەبرن.
گرتنی د. کەمالی سەید قادر بەوشێوەیەی دیمان، پەلاماردانی بارەگای ئەم حیزب و ئەو حیزب، رەفتاری پێشمەرگە لە بەرامبەر بە خۆپیشاندەران لە کوردستان، دادگایی کردن و حوکم دانی سەرنوسەری هەردوو هەفتەنامەی ئازاد: هاوڵاتی و ئاوێنە، گرتن و ئازاردانی ژمارەیەك رۆژنامەنوسی رۆژنامە ئەهلییەکانی کوردستان و پشت بەستن بە یاسا کۆنەکانی بەعس، ترس و دڵەڕاوکەیان لەلای چاودێرانی بیانی و کوردی نیشتەنی دەرەوەی وڵات دروستکردوە.
درێژەکێشانی ئەم هەلومەرجە، هەم روی حیزبە گەورەکان و حوکمەتی هەرێمی کوردستان ناشیرین ئەکا، هەم مەترسی بۆ سەر ئیدارەی کوردی زیاد ئەکا.
ئێمە، ئەو کەس و رێکخراوانەی لە خوارەوە ناومان نوسراوە، لە روانگەی دڵسۆزیمانەوە بۆ خەڵکی کوردستان و تاقیکردنەوەی حوکمەتی هەرێم و، لەپێناو هێنانەوەی رەورەوەی گۆڕانی کۆمەڵی کوردستان بۆسەر سکەی دروستی خۆی، داواتان لێ ئەکەین:

1. یاسایەکی هاوچەرخ بۆ رێکخستنی ژیانی رۆژنامەوانی دابنێن. بە گوێرەی ئەو یاسایە رێگە لە گرتن و راوەدوو نانی رۆژنامەنوسان بگرن.
2. کۆت و پێوەندەکانی دەستی رۆژنامە نوس و ژیانی رۆژنامەوانی هەڵگرن.
3. هەموو ئەو مادانەی لە یاسای سزادانی ئێراقی سەردەمی بەعس دا، دەست و قاچی رۆژنامەنوسانی کوردستانیان شەتەك داوە و تا ئێستا لە کوردستان کاریان پێ ئەکرێ، ئیلغا بکەن.
4. دەستەواژەی (ژمارەی سپاردن بە کتێبخانەی نیشتمانی) لەسەر بەرهەمی هزر و بیری نوسەران و بیرمەندان لابەرن. لە باتی دا سیستمێکی کۆدی، بۆ ناسینەوە و دۆزینەوەی کتێب و بەرهەمی چاپکراو، دابنێن.
5. وەزارەتی رۆشنبیری لە هەرێمی کوردستان کاری بەسەر بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن نەبێت. کوردستان لە باتی وەزارەتێ بۆ کۆنترۆڵکردنی رۆشنبیری، پێویستی بە شلکردنی جڵەوی ئازادی نوسین و ئازادی بیرکردنەوە هەیە، تا ئەوپەڕی سنوری ئازادی بیرکردنەوە.
6. وازبێنن لە، لەقاڵبدانی رۆژنامەنوسان لە چوارچێوەی قاڵبی تەسکی حیزبایەتی دا، بە ناوی سەندیکا یان یەکێتی رۆژنامەنوسانەوە. وازبێنن با رۆژنامەنوسان خۆیان بە ئازادی، یەکێتی و سەندیکا بۆ خۆیان پێك بهێنن.

دەستی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی والاکەن، تا ژیانی کۆمەڵ بە شێوەیەکی دیموکراتی و هاوچەرخ رێکبخەن.

بەبێ بەدیهاتنی ئەوانەی سەرەوە، لەدایکبونی کۆمەڵی مەدەنی لە قسەی روت بەولاوە شتێکی تر نابێ.

هیوادارین گوشاری رۆژنامە بەناوبانگەکانی دنیاو، بێزاری کوردستانییانی نیشتەنی هەر پێنج کیشوەرەکەی دنیا، لەدەست بەرتەسککردنەوەی ئازادی رۆژنامەنوسی لە کوردستان، بەهەند وەرگرن.

هەر بەرێزێك سەرنجی هەیە، یان دەیەوێت ناوی بخەینە سەر لیستەکە، لە رێگەی ئەم ئیمەیلەوە پەیوەندی بکات:

alimm@wanadoo. nl

تاکو بەرواری 10-6-2006 کەمپینەکە بەردەوام دەبێت.

**ناوەکان:**

| | | |
|---|---|---|
| 1- کوردستان نێت. www.kurdistannet.org | | هۆڵاند |
| 2. مەحمود رەزا ئەمین | نوسەر و رۆژنامەنوس | هۆڵاند |
| 3-عەلی مەحمود محەمەد | چالاکی بواری مافی مرۆڤ | هۆڵاند |
| 4. سەردار عەبدولکەریم عەبدوڵڵا | نوسەر و رۆژنامەنوس | هۆڵاند |
| 5- قادر نادر | نوسەر و رۆژنامەنووس | سوید |
| 6- سالار سۆفی | چالاکی بواری مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنی | فینلاند |
| 6- دلێر محەمەد عەلی | چالاکی بواری مافی مرۆڤ | دانمارك |
| 7- ڕوناك عوسمان شوانی | هەڵسوڕاوی مافی مرۆڤ و مافی ژنان | سوید |
| 8- عومەر محەمەد | سەرنووسەری ئەنفالستان | سلێمانی |
| 9- کازیوە ساڵەح | نووسەر و هەڵسوڕاوی ژنان | کەنەدا |
| 10-کوردڤێب. ئۆرگ www. kurdwe. org | | هۆڵەند |
| 11- بەستەری ی ن ك www. puks. org | | هۆڵەند |
| 12- شاخەوان ساڵەح میرزا Network System Administrator | | هۆڵەند |
| 13- کەریم مارەسێن | رۆژنامەوان و ماڵپەڕی ڕێنانس | هۆڵەند |
| 14-سەلاح گەرمیان | نووسەر و چالاکی بواری مافی مرۆڤ | ئوستراليا |
| 15-عەباس شوان | نووسەر | فینلەند |
| 16-شاخەوان شۆڕش | یاساناس و نووسەر | دانمارك |
| 17-کارمەند بەکر | نووسەر و رۆژنامەنووس | سلێمانی |
| 18- خالید عەزیز | | ئوستراليا |
| 19- گۆران هەڵەبجەیی | نووسەر و رۆژنامەنووس | دانمارك |
| 20=چیمەن ساڵەح | نووسەر و رۆژنامەنووس | هەولێر |
| 21-کوردستان ئۆنلاین | سایتی ئەنتەرنێت | کوردستان |
| 22- نامیق عەبدوڵڵە | | سلێمانی |
| 23- ئارێز دەرەپوری | رۆژنامەوان | ئەڵمانیا |
| 24- خەلیل عەزاڵی | نووسەر و چالاکی سیاسی | هۆڵەند |
| 25-سایتی هەڵوێست | سایتی خەبەری سیاسی | |
| 26-د. تاهیر ئەردەڵان | چالاکی سیاسی | |
| 27-فایەق بەهمەنی | چالاکی سیاسی | |
| 28- محەمەد بەرزی | ئەندازیار | سلێمانی |
| 29-سەردار فەتاح | قوتابی زانستی رامیاری | هۆڵەند |
| 30-فائیزە خەتاب | پزیشك | هۆڵەند |
| 31- هێمن عومەر ساڵەح | نووسەر و توێژوەوری باری کۆمەڵایەتی | هەولێر |

| | | |
|---|---|---|
| 32-ئەسکەندەر جەلال | نووسەر | سوید |
| 33-ئامینە کاکە باوە | چالاکڤانی سیاسی و هەڵسوڕاوی ژنان | سوید |
| 34-ڕێژین ئیبراهیم | ڕۆژنامەنووس | سلێمانی |
| 35- فەرەیدون حەمەڕەشید | ڕۆژنامەنووس | سویسرا |
| 36- | www. arankur. com | |